# ئەنفال

## فیلمێکی دۆکۆمینتاری لەسەر تاوانەکانی رژێمی بەعسی عێراق دژی گەلی کورد لە جەنگی بەناو ئەنفال




دەرهێنەری کوردستانی مانۆ خەلیل ،کاری وێنەیی و دەنگی تەواوکردوە بۆ فیلمە دۆکۆمینتارەکەی( ئەنفال،بەناوی اللە ،بەعس و سەدام ) دوای هەول و کارێکی زۆر ، کە بەدواگەرانی ئەم بەرهەمە ئەبێتە دۆکۆمێنتێکی مێژوویی دربارەی تاوانی رێکخراوەیی و ئێرهابی دەوڵەتی رەسمی ،نزێکەی دوساڵ و زیاد لە سێ هەزار سەعات کاری بەردەوامی خایاند .فیلمەکە لە بەرهەمهێنانی هاوبەشی دەرهێنەر و تەلەفزیۆنی سویسری کەناڵی ئەڵمانیە ،ماوی فیلمەکە سەعاتێکە و وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکانی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزی. فێلمی ئەنفال باس لەو جەنگە ئەکات کە سەدام لەدوای شکستی لە جەنگی یەکەمی کەنداو دژ بەگەلی کورد رایگەیاند کە ئامۆزاکەی علی حسن المجید سەرپەرشتی جەنگەکەی دەکرد ، کە لە ناو کوردستان و جیهاندا بە علی کیمیاوی ناسراوە ،کەزۆر بەسوکی ناوی سورەتی هەشتی لە قورئان بەناوی ئەنفال هەڵبژارد بۆ ناوی جەنگەکەی ناوی نا جەنگی ئەنفال ،ئەنفال سورەتێکە کە بۆ پەیامبەری موسوڵمانان و عەرەبی محمد دابەزیوە ، سورەتەکە باس لەدابەشکردن و بەتاڵانبردنی غەنیمەی جەنگ لەلایەن ئەسحابە یان ئیماندرانەوە دەکات.

سەدام حسێن لە کۆتای هەشتاکاندا فەرمانی دەرکرد بە دامەزراندنی عەلی کیمیاوی خوێنرێژ بە حاکمی موتلەق بۆ ناوچەی کوردستان ،ئەم خوێنرێژە سادییە علی کیمیاوی وعەسابەکانی موخابەرات وسوپا ،توندوتێژترین رەفتاریان بەکارهینا دژ بەگەلی کورد کە ناتوانرێت وەسف بکرێت ،منالێیان و پیر و پیاوەکانیان کوشت و ژنانیان ئیغتیساب کرد و بەزێندوویی خستیە گۆڕی بەکۆمەڵەوە ، خێزان و گوندکانیان بەتەواوی راپێچی قەلاسەربازیەکان کردن لە هەموعێراقدا ،بەتایبەتی بۆ ناوچەی بیابانی نوگرە سەلمان ،کە لەوی سەگەکان گۆشتی مردوەکانیان ئەخوارد بەبەرچاوی کەسوکاریانەوە، منالان لەبرسا و تینواندا لە باوەشی دایکیاندا ئەمردن، ئەو تاوانانە بەربەرچاوی رژێمە عەرەبیەکانەوە بەرێزەوە رادەبوردن ،کەئەوسا و ئێستاش هاواریانە بۆ پارێزگاری لە ئیسلام. ئەوە رژێمە ئیسلامیانەپارێزگاریان بۆ ئەو هەموو تاوانە ئەهینایەوە و بەجەنگی پیرۆزیان ئەزانی ،وەکو ئەوەی سەدام و داروەدستەکەی ئەسحابە بن و گەلی کوردیش کافرەکانی مەککە بن، تا تالآنیان بکەن و بیانکوژن و ژنەکانیان ئەتک بکەن. فیلمی ئەنفال شایەتحالێکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر جێبەجێکردنی شۆفێنیەتی ئایدۆلوژی بەعسی فاشی ،داواکردنە بۆ ناساندنی ئەو بەعسەی کە تائێستاش لەسوریا دەسەڵاتی بەدەستە بە رژێمێکی تێرۆریست و تاوانکار لە جیهاندا.

فیلمەکە کۆمەڵێ کەسی شایەتحاڵی تێدایە کە بە رێکەوت لەو قەسابخانە رزگاریان بووە ، گفتۆگۆ تێدیە لەگەل ئەو خێزانانەی کە کچەکانیان بۆ ئەتکردن نێرراوە بۆ هەندی ولاتی عەرەبی کە هاوکاری بەعسیەکان بوون ،هەروەها کێشەی ئەو کچە کوردانەی کە نێرراون بۆ مەلهاکانی دەوڵەتی میسر ،مانای ئەوەیە کە میسریش بەشدارە لە تاوانەکانی سەدام و ئەیەوی ئەو بەشداریە دابپۆشی .

لەناو فیلمەکەدا کۆمەڵی دۆکۆمێنت و دەلیلی ترسناکی تێدایە لەسەر پیادەکردنی و پیلانداننان بۆ کوشتنی عەمدی ورەسمی لەلایەن بەعس و موخابەراتەکەیەوە ،کەئەوە بەسە ( ئەگەر رۆژی دەلیلەکان بلێم ) کە ملی سەدام حسێنی تکریتی و دارو دەستەکەی بخرێتە بە سێدارەدان ،وە فیلمەکە ئیدانەی رژێمی بەعس و دەزگا ئەمنیەکانی دەکات.

ئەگەرچی فیلمەکە بە شێوەیەکی سەرەکی باسی ئەنفال ئەکات ،بەلآم ئەوەی لەبیر نەکردوە کە باسی جێبەجێکردنی تاوانەکانی تری رژێمی بەعس ئەکات لە زیندانەکاندا لە ئازاردانی زیندانیە سیاسیەکان وتاوانی کیمابارانکردنی هەڵەبجە ،کە ئاساوارەکانی ئەو کیمیاویە تا ئەمرۆش ماوە و تاچەند قەرنێکی ترێش دەمێنی فیلمەکە تیشك ئەخاتە سەر ئەو جەنگەی کە قوربانیەکانی زیاد لە ١٨٢٠٠٠مرۆڤی کوردە و وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوندی کوردستان و بەتالآنبردنی سەروەت و سامانیان.

(لە رابردودا سەدام حسێن دەستی هێندە درێژ بوو کە گەشتبووە بێنەقاقامان، هەرچی بیویستبایە بەرامبەر بە ژن و منداڵ و سەروماڵمان ئەیکرد و ئێمەش دەسەلآتمان نەبوو و بێهیوابووین، بەلآم ئەمرۆ ئازادین و قەدەرمان لەدەستی خۆماندایە و ئامادەین پارێزگاری لە شەرەف و خاکمان بکەین ،سەد پێاومان ئامادەی قوربانیە بۆ پاراستنی ژنیکمان بدات ئەگەری کەسیك بیەوی ئەتکی بکات .. رێگە نادەین جارێکی تر هیچ کەسێك دەستمان بۆ درێژ بکات...) ووتەی برای یەکێك لەو کچانەی کە رەوانی میسریان کردووە.فیلمەکە تەنها باس لەئازار و رابردی مەینەتیەکانی گەلی کورد ناکات بۆ ئەوەی قەرەبوو بکرێنەوە ، بەلکو هەوڵ ئەدات ئاگاداری جیهانی ئازاد بکات کە نازیەتی ئەڵمانی لەرێشە هەڵکێشراوکراوەتە رێکخراوێکی ئێرهابی قەدەغە و ترسناك دژ بەمرۆڤایەتی ،بەلآم هەمان نازیەت سەری هەڵداوتەوە لە عێراق و سوریا بەناوێکی ترەوە بەناوی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی ،لەگەڵ ئەوەی کە بەعسی عێراق بوو بەرابردوو بەلآم ئەو حیزبە تێرۆریستە ئێستا لەسوریا دەسەلآتی بەدەستە هاوشێوەی دەسەلآتی سەدامە و رۆژێك سڵ لەوە ناکاتەوە کە جەنگێکی تردوبارە بکاتەوە و ناوی بنێت ئەنفال.ئەم فیلمە لەدوای پشوی هاوین ئەچێتە قۆناغی پیشاندان و پیشکەشکردنەوە ،هەروەها بەشداری ئەکات لە فێستێڤالە سینەماییەجیهانیەکان و لە کەنالە تەلەفزیۆنەکانیش پیشان ئەدرێت

## رامبرانت، بەهەژاری لەدایکبوو بەدەوڵەمەندی ژیاو بەهەژاری مرد

**گۆران سەردار**

ئەودەمەی فلچەی هونەرمەند لێوان لێو دەبێت لەخۆشەویستی، تابلۆ دروشاوە دەبێت ورەنگەکان تامی خۆشی دەگرن، ئەم حاڵەتە پڕاوپڕ وەکو لای شاعیر وایە، چونکە تابلۆش هونراوەیەکی کێشراوە.

لەژیانی هەموو هونەرمەندێکی شێوەکاریشدا چیرۆکی خۆشەویستییەك بەدی دەکرێت کە لەدووتوێ هەموو تابلۆکاندا رەنگدانەوەی هەیە، بەلآم پرسیار ئەوەیە چی دەبێت کاتێك ئەو خۆشەویستییە دەبێتە هێزێکی وێرانکەر؟

چیرۆکی خۆشەویستی هونەرمەندی هۆڵەندی رامبرانت کارێکی زۆری کردووتە سەر چەندێتی وچۆنێتی کارەکانی ئەم هونەرمەندە، چونکە پەیوەندی رامبرانت وساسیکا تەنها پەیوەندییەکی خۆشەویستی نەبوو، بەڵکو رووچوبووە نێو جوڵەی دەرونی هونەرمەندو هەموو هەستە ئەفرێنەرەکانی هێنابووە وروژاندن .

ئەو کاتەی رامبرانت ساسیکای بینی یەکسەر دەروونی هاتە خرۆش وئەوەی لەدڵیدا بوو هەمووی درکاند، پاشانیش کە هەردووکیان درکیان بەوەکرد ناتوانن لەیەکتری دوور بکەونەوە بڕیاریاندا خێزان دروست بکەن، هەردوو ئارەزووی ئەوەیان دەکرد ژیانێکی خۆش بگوزەرێنن، بەلآم هەمیشە ژیان بە ئارەزووی تاك ناگوزەرێت، ئەوەبوو منالی یەکەم ودووەم وسێیەمیان مردو کە




چوارەمیش ژیا ساسیکا مرد ! پاش مردنی ساسیکا ژیان بۆ رامبرانت سانا نەبوو، چونکە رامبرانت پارەیەکی زۆری دەستکەوتبوو بۆ ئەوەی ژیانی ساسیکای پێخۆش بکات، ئەو رووداوەش رامبرانتی گۆشەکیر کرد هەموو ئەو پارە زۆرەی کە بە درێژایی تەمەنی کۆیکردبووەوە بەرەبەرە نەما.

رامبرانت لە ١٥ی یۆلیۆی ١٦٠٦ لەشاری لیۆن لەدایك وباوکێکی هەژار لەدایکبووە، زۆریش چەرمەسەری بینیەوە تا ئەو سامانەی کۆکردووتەوە، لەسەرەتایی ژیانیدا رامبرانت چووتە کۆلێژی فەلسەفە لەزانکۆی لابۆن، بەلآم زۆر درێژەی نەکێشاو وازی لە خوێندن هێنا پاشان لەساڵی١٦٢٢ دەستی دایە خوێندنی وێنەکێشان لەسەر دەستی یەکێك لە هونەرمەندە هۆڵەندییەکان، دوایی سێ ساڵ لەخوێندن مەرسەمێکی بچووکی دامەزراند

تا لەوێوە گەشتی ئەفرێنەرانەی بە نێو جیهانی شێوەکاریدا دەست پێبکات، لەم پێناوەشدا یەکێك لە رەخنەگرانی کارەکانی رامبرانت دەڵێت:"هەموو ئەو تابلۆیانەی کە رامبرانت لە سییەکانی سەدەی هەڤدەهەمدا کیشاونی توانایەکی رادەبەدەری هونەرمەند دەردەخەن لە سەرنجدانی شتەکان، بۆیە تێبینی ئەوە دەکرێت کە پەیوەندییەکی روحی بەهێز هەبێ لەنێوان کارەکانی رامبرانت وڤان دایك ورۆبنز، لەو ماوەیەشدا رامبرانت پێگەیەکی بالآی هەبوو لە ناو کەسایەتییەکانی سەردەمی ژیانی، هەروەها تابلۆکانی هەمیشە لەسەر باگراوندێکی خۆڵەمێشی کاڵ کێشاوە، کە زۆربەی کات شکڵێکی هێلکەیی یان شکڵێکی نامۆی هەبووە" .

گرنگترین کارەکانی هونەرمەندیش بریتییە لە نیکۆلاس رۆتسی بازرگان، جان کرۆڵی شاعیر، ژنێکی گەنج، پیاوێکی دانیشتوو لەسەر کورسییەکەو چەندان تابلۆی بەناوبانگی تر کە تەمەنیان بە ملیۆنها بووە، بۆیە دەکرێت بڵێین رامبرانت یەکێك بووە لە هەرە دەوڵەمەندەکانی سەردەمی خۆی، بەلآم کۆچی ناوەختەی ساسیکا بووە مایەی لەکیسدانی نەك تەنها سامانە ماددییەکەی بگرە توانای وێنەکێشانیشی تیاکوشت، تا لەکۆتاییدا غەرقی قەرزاری بوو بەو هەژارییەش مرد کە پێی لەدایکبوو.

## بەیان مانی :

## پەیکەرێك بۆ شێخ مەحمودی مەلیك دروست دەکەم لەبەردەقارەمان

هونەر لایەنێکی گرنگی پێشکەوتنی ژیاری مرۆڤەو جوانکردنی نیشتمانە، بەتایبەتی هونەری پەیکەرسازی، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا زیندوو راگرتنی بوون وکەلتوری نەتەوەیە، مامۆستایی پەیکەرساز( بەیان مانی) کە شوێن دەستی دیارو شارەزایەکی ئەو بوارەیە لە کوردستان، بەسەردانێك هاتەوە بۆ کەلار، بەباشمان زانی لە نزیکەوە بیدوێنین وهەندێك لەخاڵە شاراوەکانی پێبدرکێنین .

- پرۆسەی ئەنفال، یەکێکە لەکارەساتە گەورەکانی سەردەم کەبەسەر کورددا لەباشوور بەگشتی وگەرمیانییەکان بەتایبەتی پیادەکراوە، لێرەدا دەکرێت بیرۆکەی دروستکردنی مۆنۆمێنتی ئەنفالمان بۆ باس بکەیت ؟

★ بیرۆکەی مۆنۆمێنت یان دروستکردنی مەزارگەیەك بۆ دەگەڕێتەوە، بۆ بەڕێز شێخ محەمەدی شاکەلی، پاشان لەشاری سلێمانی پێشبڕکێیەك بۆ هەڵبژاردنی نموونەکە سازدرا، لەو پێشبڕکێیەشدا توانیم سەرکەوتن بەدەست بهێنم و کارەکەش ئەنجام بدەم .

- پرسیارێکی زۆر دەکرێت لەبارەی ناوەرۆکی مۆنۆمێنتەکە، دەکرێت لەو بارەوە بۆمانی باس بکەیت ؟

★ پەیکەرەکە بریتییە لە فەرەنجییەك کە وەك هێمایەك بۆ کەلەپوری کوردی بەکارهێنراوە، هەندێك وابیر دەکەنەوە کە من ویستوومە شێوەی فەرەنجییەك دروستبکەم بەلآم وەکو خۆی کۆپیم نەکردووە، هەرگیز وا نییە، چونکە من وەکو رەمز بەکارم هێناوە، لەم میانەشدا من ئازادم چۆنی دروستبکەم، چونکە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی هەیە بەلایەنی ئیستاتیکی ودارشتنەوەی کارەکە، دووەم خاڵ فەرەنجییەکە ئاوێتە بووە بەمرۆڤێك کە وەکو هێمایەك بۆمرۆڤی کورد بەکارهاتووە، کەواتە هاوکێشەکە دەبێتە مرۆڤی کورد + کەلتوری کورد .

- دوا پرۆژەتان چییەو چیتان بەدەستەوەیە بۆ ئایندە ؟

★ هەمیشە لەکاری بەردەوامدام لەسەر ئاستی کوردستان وبەتایبەت گەرمیان، لەم رووەوە بڕیار وابوو پەیکەری شێخ مەحمودی مەلیك دروست بکەم لەبەردەقارەمان، دووەم پەیکەرێك بۆ شەهید محەمەد سەعید کە مامۆستا عەلی عەبدولآ سەرپەرشتی دەکات، هەروەها خەریکی پێشانگایەکی ترم کە تایبەتە بە گەرمیان .

- ژیانی هونەری بەگشتی وبوارەکەی ئێوە بەتایبەتی وەك پەیکەرسازێك تا چەند زەوق وفەنتازیایان تیا بەرجەستە بووە ؟

★ لەکاری هونەری پەیکەرسازیدا بەردەوام کاردەکەم، چونکە بووەتە کاری تەواوم لەژیاندا، دیسان وەکو مامۆستایەك هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدام لایەنی تەکنیکی وئیستاتیکی ومێژووی بۆ دەوڵەمەندکردنی کارەکانم بهێنم .



- لەگەڵ کارکردنت بۆ ئەنفال کاریشت بۆهەڵبجە کردووە تۆ وەکو هونەرمەندێك چۆن ئەو دوو کارەساتەت بە یەکەوە گرێداوە ؟

★ بەراستی هەڵبجەو ئەنفال کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر دەروونم، نەك تەنها من بەلکو لای هەموو کوردێك ئەم مەسەلەیە وایە، من وەکو هونەرمەندێك رەنگە وردەکاری زیاترم هەبێت، وەکو دەبینی مەزارگەی هەڵەبجە چەند هونەرمەندێك بەشداری تێداکردووەو ساڵانە دەیان وەفد دێنە ئەوێ و سەردانی ئەو مەزارە دەکەن، بەلآم هەموو ئەو کارانە لەگەڵ قەوارەی کارەساتەکە نەگونجاون، دەبوایا بۆ هەڵەبجەو بۆ ئەنفال رەمزێکی زۆر گەورەمان لەرووی قەبارەوە بۆ دروستبکردایە، لەراستیشداو بۆ مێژوویش دەیڵێم بۆ ئەنفال گەرخەمی شێخ محەمەدی شاکەلی نەبووایە بۆ ئەو مەسەلەیە ئەو مۆنۆمێنتەی ئێستا دروست نەدەکرا .

- با بچینەوە سەر راپەڕاندنی کارەکانی پرۆژەی مۆنۆمێنتەکە، تاچەند لە ئەندازیارانی پرۆژەکە رازیت؟

★ بەراستی ئەوانەی سەرپەرشتی پرۆژەکە دەکەن نابێ ناویان بنێن ئەندازیار، چونکە شارەزا نین ورۆژبە رۆژ کارەکە ناشرین دەکەن، وادیارە بەو پرۆژەیەوە دەیانەوێ خۆیان فێربکەن وبەوەش جارێکی تر ئەنفال دەکەنەوە، پێویستە خەڵکی گەرمیان وکەسوکاری ئەنفالکراوەکان ئەوە قبوڵ نەکەن چونکە بەئارەزووی خۆیان زیادرەوی دەکەن لەدەستکاریکردنی فەزای پەیکەرەکە، بۆ نموونە، لە گرێ بەستی پەیکەرەکەدا هاتووە کە دەبێت شەش مەتر بێت، بەلآم من خۆم بەدە مەتر بەرزم کردووە، هیچ پەشیمان نیم وچاوەڕێی پاداشتیش نیم، دەبێت سوپاسی ئەندازیار جەلال مووسا بکەم کە زۆر هاوکاریکردم لە بەئەنجام گەیاندنی کارەکە .

ژیاننامەی زانستی هونەرمەند

- لە کۆلێژی هونەری بەغدا وەرگیرام دوایی سێ ساڵ فەسلکرام دواتر گەڕامەوەو لە ١٩٩٢ کۆلێژم تەواو کرد

- ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی هونەر .

- خوێندکاری ماستەرە لەبواری هونەرداو خەریکی ئامادەکردنی ماستەرنامەکەیەتی بەناوی مادده بەکارهێنراوەکانی پەیکەرەکانی کوردستان .